# هەناسە تاریکەکان

هۆشەنگ شێخ محەمەد

2007/10/12 دهۆک



باخچەیەك بۆی هەیە بە رەنگ و بۆنی لە ناو خۆیدا ختمم بكات
گوڵە هێرۆیەك ئەتوانێت لە قەدی خۆیدا فەنام بكات
تاكە دارێك ئەشێت لە پەلكێكی خۆیدا بمپێچێتەوە
من وام لە ناو تۆدا وەك شەنگەبی لەبەر شەپۆڵەكانی روحتدا
رۆژانە دەیان جار بەبەردەممدا رائەبوری و بەردەوامیش نامناسیتەوە

ئێوارەیەك بە رەنگە نەرمەكانی خۆی لەناو خۆیدا غەریبم ئەكات و
شەوێك لە ناو رەنگە رووناكەكانی خۆیدا ئەمبات

دە تۆش بمبە و لە ناو رەنگی چاوەكانتدا بمناسێنەوە بە سەفەر
لە دەنگی شعرێكەوە بمكەوە بە هاواری گەردونێك لەبەر دەستی قەدەر
بمخۆوە ئەی بای رەنگەكان.. لە منەوە با رووبارەكان هەڵبێنەوە
لە منەوە با هەتاوی گومانێكی رەها داگیرت كات

لە منەوە با با و بۆنی خۆم بەسەر تریفە و شەرمی گوڵەكاندا برژێ
بە سەفەر و گەڕانە بێكۆتاییەكان عەشق و چیرۆكەكانت بشكێنە

با بشکێن بتەکانی روحی من و ئینجانەکانی یەقینەکانت

وەرە دەستت بگرم بۆ تاریکی
وەرە روحت بخە لە پەوە و با بتبەم بۆ ژووورە تاریکەکانی گوڵەکان
هەر لەو باخچە رووناکانەدا تەماشای رووناکی مەکە

لەو ماڵانەی بێدەنگیدا تەماشای سەفەر مەکە

وەرە سەفەر ستاندنەوەی تەمەنە لەقەدەر
سەفەر کڕینەوەی روحە لە خودا

رۆیشتن بەسەر بەردەکاندا پێت ئەڵێ بەیارەکان بۆ حەز لە رەنگی خاك ئەکەن
رۆیشتن بە بەیارەکان پێت ئەڵێ گەڵاکان چەند حەز لە رەنگی ئاسمان ئەکەن
وەرە با بڕوانینە چیرۆکی دارەکانی کەنار دەریاکان و ئەو تەعریفی جوانی نەناسینی شەپۆلەکانمان بۆ بکات
دەریا بە گەورەیی خۆی ناتوانێت کەنار بە شەپۆڵەکان بناسێنێت
ئاسمانیش ناتوانێت تەعاروفێك لە نێوان زەوی و هەورەکاندا رێکخات

با ئنجانەیەك من و تۆ لە خۆیدا شین نەکات
لە بالکۆنێکەوە رۆژانە ئاسمانێکی نوێ و دارێکی نوێ بەدی ئەکەم
بۆنی ئەمڕۆ وەك هی دوێنێ نیە
من بۆنێك ئەگرم و بۆنێك جێمئەهێڵێ
رەنگێك ئەگرم و رەنگەکانی دی ژوانم بۆ رۆژەکانی دی دا ئەنێن
من هەمیشە لە ژوانی بۆن و رەنگەکاندا بێزار نابم

من هەمیشە لە گومانەکان و پرسیارەکان تەواو نابم

بمبورە ئەی تاریکترین ژنی ئەم دونیایە من لە ئێوارە و چاوەکانی تۆدا ئەگەڕێم و
شتێك بۆ ئەبەد نادۆزمەوە

ئەوە منم بەسەر ئەو ئێوارە رەنگاورەنگانەی تۆ و بەسەر ئاسۆ رەنگینەکانی چاوەکانتدا هەر رۆژەی بە بارانێکەوە ئەبارم کە لەبارانەکانی پێشووم ناکات
من بە گوڵدانێك لە نهێنییەوە بە شەقامەکانی شعرەکانتەوە وەرئەبم و ئنجانەکانم ئەشکێنم
من کارم شکاندنی ئنجانە و ویرانکردنی تاریکییەکانە بۆ تاریکییەکی دی

روناکی چاوەکانم بە تاریکی بگۆڕەوە
من لە تاریکییەوە خۆشم ئەویێت و لەتاریکییەوە عەشق ئەنووسمەوە
من خۆم حەرفەکان بزر ئەکەم و وشەکانیش لە خۆم ئەتۆرێنم

من وام روحی سەرگەردان و بێ رووناکی هەمیشە دۆستی سرووتەکانی نوتەکیم

با ژیان بگۆڕینەوە بە قومێ تریفەی بێ رەنگ
ئەی گوڵی تاریکی با روناکی بگۆڕینەوە بە مردن

وەرە گیان لەم ژمارانەوە شۆڕببینەوە ناو ماتماتیکی روحێك کە نازانێت لەسەر کانی ئەنجامێك ئاو بخواتەوە
وەرە با گوێ لەو گۆرانی یە بگرین کە هەمان گۆرانی یەکەمجار و دووەمجار نیە لە گوێگرتندا
وەرە ئەو کتێبە بخوێنینەوە کە ناگاتەوە هەمان وشەکانی خۆی
وەرە پیاسەیەك پێکەوە بکەین کە نامانباتەوە هەمان باخچە و هەمان خودمان

من دێمەوە و هەمان عەشق و هەمان ئیمانم پێ نیە
دێمەوە و هەمان تریفە و هەمان هۆشەنگم لە روحدا نیە
دێمەوە و تەماشام هەمان تەماشا نیە بۆ ئێوارە و گوڵ و بەیارەکان
بۆ روناکی و باران و ئاسمان و دەریا و شەپۆڵ و کەنارەکان
دێمەوە و هەمان سەفەر و گەڕان و فڕین و نیشتنەوەم پێ نیە